# غەزەلی نەیجە

دیارییە بە پیری شمشاڵ .. مامەقالە

ئیسماعیل خورماڵی



بمان وەخشە پیری شمشاڵ ، نەمانتووانی وەک تۆ

لە غەزەلی نەیجەیەکدا نیشتیمان بە سەر کەینەو

لە زەینی شمشاڵێکدا نیشتیمان سۆزە پۆش کەین

بمان وەخشە پیری شمشاڵ ، نەمانتوانی وەک تۆ

نەمان تووانی وەک تۆ ، بە پاڵ بورکانی فیرقەتێکەوە

قەڵەمێ لە نەیسانی کوڵیجە لادەین

بە پاڵ ناڵەی جودایی هێمن و

به بەپاڵ هەڵکێشانی مەسیحی کوردان و

به پاڵ چوار چرای خوێنەوە خوێن ،

ماڵێ ، هەرزاڵێ بۆ مێژوو لادەین

نەمانتووانی نەمنتووانی وەک تۆ ،

له سیحری نەیجەیەکی کوون کوونی لای بۆکاندا

له خوخورِەی خۆش " نەوای لاوەلاوە و کانەبی" تۆدا

له شینایی حوزنی دارە بەن و له ئایەتی ناو ئاڤێستای گوڵه کێویلەکان وە لانێن

نەمانتووانی ، پیری شمشاڵ ، نەمانتوانی وەک تۆ

به ڕێی سەوزە قامیشێکی خۆش نەوای دا

له جریوەی بیهتەرین سپیدە باخان

بنێنه ناو ئاپوورەی دوای بەڕێکردنی شەهیدێ

نەمانتووانی ، نەمانتووانی وەک تۆ

هەی خۆش نەوای گەروو وەهار

له شەوینەی نووتەکترین شەودا

عەینی مانگی چواردە و ڕووتبوونەوەی یەکەم شەوی

عەینی شەوقی چەمە شوعلەی پێکەنینی مانگە ژنێ

لەودیو هەرزاڵ و پەرژینی ئێوارەوە

بەدیار دۆستی یەکەم هەوەس و یەکەم دۆستی شاخیەوە شاخ

ڕۆشناییەک ، بەسەر نازووکترین کانیلەوە ڕاگرین

نەمانتووانی ، چپەیەک بە گووێی ئەو کانیانەدا بدەین

لە تالووکەترین دەمی تینویەتیدا ،

لە ڕەحمەتی باراناوی جامە گەڵای ، سەرچڵانیان هەڵدەڕوانی

بمان وەخشە ، پیری شمشاڵ

ئەی پیری غەزەل خوێنی مزگی کەژ و کۆ

نەمانتووانی وەک تۆ

بە فوویەک ، بە فویەک

بەرد ڕاکێشینە سەر زێباترین بەرماڵی عەشق و

بە ئاهێ خاری کێو ، بەرینە سەر تەریقەتی گوڵ

نەمانتوانی وەک تۆ

ئەی پیری زەمانی عەشق

ئەی موریدی تەریقەتی بانەمەڕان

هەی خۆش نەوای خۆش نەوایان

نەمانتوانی نەمانتوانی ،

ئێمەش پێسە کردەی وێرەگاتان

لە دوای هەڵکردنی سیغارێ تر

بە پاڵ بەور و ڕیشەکەی پیریتانەوە ، عیشقێ بە وەتەن بەین

نەمانتوانی پیری شمشاڵ

پێسە نمنمەی سوبحێکتان

لە دوای زەرد هەڵگەرانی گییایەتر

بە پاڵ قەومایەتی پایزتانەوە ، عیشقێ بە وەتەن بەین إ

لە دوای شووشە شکانی تەمێ تر

بە پاڵ بەردی قەوزە پۆشی گەرووتانەوە

لەو وولاتی چەم و کۆتر و گەزیزە بارینەدا

گەردی نووریێ بە هەیوانی بن بەردان بەین إ

نەمانتوانی نەمانتووانی وەک تۆ

دەس لە ملی ئەو چڵە گەنمانە کەین

داس و داس بە سەرخۆشی لە ملی دەدان

ئاو بە دەمی ئەو گوڵە کوژراوانەی سەر گۆلەوە کەین

بێ لە لێوی با ، کەسێک نەبوو ماچێکی سەر لێویان کا

بمان وەخشە پیری شمشاڵ

هەی خۆش نەوا ، هەی مروەتی گوڵ نەسیمان

نەمانتوانی وەک تۆ ، ئاهێ بەو سێبەرە بێ مروەتانەی جۆبار بەین

نەمانتوانی وەک تۆ نەوایەک بە شەوگاری ئەو بەردانەی بەین

نەمانتووانی وەک تۆ بگەینە حووزنی نیشتیمان و لە حووزنی نیشتیمان هەڵڕوانین

نەمانتوانی وەک تۆ ،

لە دەس جەوری ئەم زاڵم و ئەو زاڵمدا

نەتەوەیەک لە نووری شمشاڵێکدا بشارینەوە

کاولەی وولات بە ئاوەدانیی ڕۆژی نووردا بەرین و

بۆ ڕۆژی ڕۆژ گرانی و ئازادی قوربان

لە تەجەللای کێوێک دا کێو قوربان

لە شەتاوی پڕ نەوای ئەو شمشاڵستانەی تۆ هەڵگرین

لە بەرچاک و توێشەبەرەی پڕ کۆتر و

لە فڕکەی ئەو هەموو هەناسە گەرمانەی تۆ هەڵگرین

ئەی پیری عەشق ، خۆت بێژە

چ دەبوو گەر

خودای نووح و خودای سوڵتان

لە میهران خودای تۆش بایە و

پڕ بە ووشکایی باران و

پڕ بە لێڵایی ڕۆشنایی و

بە پڕایی ئاسمان هەوا و

بە پڕایی جوانی ، گەنجی بە تۆ بایە

چی دەبوو چی ، ئەی عاریفی حیکایەتی گوڵە سووتاوەکان

ئەی پیری ڕەبەنی مەحبووس ، لێ لە دڵی لاوە ژنی نیشتیماندا ، سەد هەزار لاس

هەی کانیلەی سەوزە نەوای هەزار کانی ،

بێژە

بێژە

چی دەبوو چی

گەر خودا ، خودا خەرمانی نووری لە تۆ نەبردایە و

قاپی هەناسەی لەو شمشاڵەت کلۆم نەدایە

چی دەبوو چی

ئەی پیری شمشاڵ خۆت بێژە

چی دەبوو چی

چی دەبو چی

2009 ئەڵمانیا